سەماحەتی حەکیم ئەو ئازادییەی ئێستا عێراقییەکان تێیدا دەژین بەرھەمی قوربانی و مەینەتی و گۆڕە بەکۆمەڵەکانە

ammaralhakeem.com

لەتەکیەی برای ئازیزمان شێخ حوسێن ڕەشید لۆلانی برادۆستی لە ھەولێر بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ھاوپەیمانێتی ھێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بەکۆمەڵێك شێخ و پیاوە دیارەکان و دوای گوێبیستبوونی گوتەکانی شێخ و ھەستی ئامادەبووان، ڕوونی کردەوە کە ئەم سەردانە دەربڕینی ھەستی برایەتی عەرەب و کوردەوە ھاتوە و ئاماژەشی کرد بە چەندین وێستگەی مێژوویی و یەکلایی کەرەوە کرد کە رۆڵەکانی گەلی عێراق داکۆکیان لێ کردوە و کۆڵەکەکانی ئازادی و دیموکراتییان لەم ولاتەدا تێدا چەسپاندوە.

سەماحەتی گوتی ئەو ئازادییەی ئەمڕۆ عێراقییەکان تێیدا دەژین بەرھەمی ئەو قوربانی و کۆسپانەی وەک ئەنفال و گۆڕە بەکۆمەڵەکانە، با سوپاسی ئەو نیعمەتە بکەین کە پارێزگاری لێدەکرێت وبیپارێزین.
گوتیشی عێراقییەکان بەھەموو مەزھەب و نەتەوەکانیانەوە لە یەک نیشتمانەوە کۆدەبنەوە و ئەم سەردانانەش لەو چوارچێوەیەدا دێت.
سەماحەتی ئاماژەیکرد کە پێویستە بەدیھێنانی مافەکان و ژیان لەعیراقێکی سەربەخۆ و سەقامگیر و خۆشگوزەران و ئەمە زیاتر بە بەھای برایەتی و ھەمەچەشنی عێراقی و کاریگەری لەسەر پشتیوانیکردن لە ئەزموون و نەتەوەی عێراق ڕابکێشێت.

سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ گەلانی ناوچەکە و جیھان دووپاتی کردەوە کە پەیوەندی و سەردان و تێکەڵاوبوون لەنێوان ھەموو گەلانی عێراقدا بەردەوام بێت و یادکردنەوەی مێژوو پێویستییەکە بۆ بنیاتنانی ئێستا و داھاتوو.

لەکۆتایشدا داوای کرد بیرھێنانەویەك بۆ ئەو کوشتن و وێرانکارییانە بکرێت کە ئێستا ھەردوو گەلی فەلەستینی و لوبنانی ڕووبەڕووی دەبنەوە، ھاوپەیمانێتی خۆشی بۆ ھەردوو گەلی برا دووپات کردەوە و گوتی پێویستە ھاوکاری مرۆیی بکرێن و مەینەتییەکانیان کەم بکرێتەوە.